# عەلی محمود خەم خۆرێکی بەردەوامی جینۆسایدی کورد. ... قادر نادر

2005/11/29



چەند سالێکە ناوەندی چاك گۆرانێکی ریشەیی و بەرچاو ی لە خستنە روی کێشەی ئەنفال هێناوەتە ئاراوە لەهەندەران و کوردستان، بەردەوامیش لە هەولدانە بۆ دادگایی کردنی تاوانبارانی ئەنفال نوێترین نمونەش دادگایی کردنی فرانس ڤان ئەنرانتە.
یەکێك لە ئەندامە هەرە چالاکەکانی عەلی محمود محەمەدە ناسراو بە (عەلی سیاسیە)، بۆیە وەك رێز لێنانەك کە رۆلێکی بە رچاوی هەیە لە بەرەو پێشچوونی ئەم دادگایی کردنە و ئێمەی کوردیش تا کەسێکی تێکۆشەرمان مالئاوایی یە کجاریمان لێ نەکات هەست بە شوێن پێ ی ناکەین، بۆیە پێم باشە ئەم چەند دێرەی لەسەر بنوسم.
یەکەم نارەزایەتی خەلك لەشاری هەولێرخۆپیشاندانێکی جەماوەری بوو کۆتایی سالی 1991 ئەنجام درا دژ بە دزی و تالانیەکانی بەرەی کوردستانی، عەلی سیاسیم لەو خۆپیشاندانە دیت، یەکێك لە دروشمەکانی (ئازووقە بۆ هەموان، لەناوچێ دزو تالان) بوو، 15 سالە ئەم دروشمە زۆر بەراستگۆیانە وبەردەوام بێ کۆل نەدان بەهەمان گورو تینی راپەرین دەلێتەوە.
هەموو باوك و دایکێك لەهەندەران دەزانێت بەخێو کردنی مندال چ ئەرکێکی قورسەو نەبوونی کاتیش چ کێشەیەکی گەورەیە، کاك عەلی خاوەنی 4 مندالە کەچی بەردەوام خەریکی (نوسین، بەشدار لەکۆرە سیاسی وجەماوەریەکان، کەمپین، خۆپیشاندان، مانگرتنە) لەملاشەوە بەردەوام پالپشتێکی گرنگی چەند مالپەرێکی کوردی و عەرەبیە، ئەمە جگە لەوەی پەیوەندیەکی فراوانی لەگەل دەیان رۆشنبیرو کەسایەتی سیاسی لەهەندەران و کوردستان دا هەیە بۆیە هەرژمارەیەکی تەلە فۆن یان ئمێلێکی رۆشنبیرە پاك و دلسۆزەکانت پێویست بوو بێ دوو دلی لای ئەم بەرێزە هەیە.

ئەگەر شەهید رەئوف ئاکرەیی یەکەم کەس بو بێت پەرتوکی لەسەر ئەنفال نوسیبێت ئەوا عەلی سیاسی یەکەم کەس بو هەولیدا کێشەی ئەنفال ببێت بە مەسەلەیەکی جەماوەری و تەکانێکی گرنگی بەم پەروەندە داوە، هەموو لایەك باش دەزانن یەکەم جارخۆی وکۆمەلێك کەسی پێشکەوتوخوازی کوردپەروەر سالی 95 لەشاری هەولێر یادی ئەم کارەساتەیان کردەوە، تا لەکوردستان بوو سالانە سەرپەرشتی یادەکانی دەکردەوە رێکخراوێکی چالاکیشیان هەبوو بەناوی (کۆمەلەی ئاوارەو ئەنفالەکانی کوردستان)، کە رێگای هەندەرانیشی گرتەبەر، مەسەلەی ئەنفال لە هەندەران گروتینەکی نوێ ی بەخۆوە دیت.
لە حزبایەتیش دا پێچەوانەی رەوتی زۆرینەی خەلك کام حزب (بەتایبەتی چەپەکان) روبەرووی فشاری پارتی و یە کێتی ببوایە وە لەم ماوەدا رۆلی کادیرەکی ئەم حزبەی

دەدیت وە ك لەكاتی تیرۆر كردنی (رەئوف ئاكرەیی و حەمە حەلاق و مامۆستا ئەمینی جوتیاران......... )

سالی 2000 دوای 4 سال دابرین لە یەكتری لەسوریا بەدیداری یەكترشاد بووینەوە بەلام ئەم تاكە كەسێك بو لەوكوردانەی هەندەران دیتم، نەبەدوای كچی جوانی سوری كەوت نە شمەك كرین و گەران نەبە دوای جوانیەكانی سروشتی دیمەشق، 3 رۆژ لەم ولاتە ژیا تەنیا بەدوای ئەو پەرتوكانە بو كەدڕ بە سەلەفیەت و خزمەت بە بیری پێشكەوتوخوازی بوو، هەربۆیەش كاتێك جانتاكانیمان بەرەو فرۆكەخانەی دیمەشق برد تەنیا 10كیلۆی كەل و پەل بوو 30 كیلۆی تەنیا پەرتوك بوو.

لەسەرەتای راپەرینەوە تائێستا كەم كەس هەیە خەونی بە بنكەكەكانی گومرگەوە نەبینێت تا بە چەند مانگێك پلەی چینایەتی بەرزبێتەوە، كاك عەلیش لە گومرگ كاری دەكرد بەلام ئەو دارایی نەبوو بەلكو هی فرۆشتنی سەوزەو میوەهات بوو لەبری دۆلارو دینار لێدان ئەو لە پەنایەكی گومرگدا تكەو كەبابی لێدەدا. تابژێوی ژیانی مال و مندالی بە سەربەرزانە دابین بكات.

لە 15 سالی رابردودا سەرجەم نوسینەكانی تایبەت بووە بە بیری چەپ و رەخنەگرتن لەدەسەلاتی كوردی بەرامبەر پێشێلكاریەكانی مافی مرۆڤ و بەرتەسكردنەوەی دیموكراسیەت و گرنگی نەدان بە پەروەندی جینوسایدی گەلی كوردستان، رۆژانە هەولی داوە ئەو دیوارە ترسە بشكێنێت كە دەسەلاتدارانی كورد وەك دیواری بەرلین دروستیان كردوە، ئاخر ئەونوسەرێكی درۆزن نەبوو لەگەل نوسینەكانی چاوی لەوە بێت دەسەلاتدران پلەیەكی بدەنێ تا ببێت بە پەیامنێری دەسەلات لەناو رۆشنبیراندا، بە قەد ئەوەی ئازاری خێزانێكی ئەنفالكراو كەم بكاتەوە وزەردەخەنەیەك بخاتە سەر لێویان. ئەمە ش جوانترین وشانازیترین پاداشتە لە مێژوو بە هەموو كەس تۆمار ناكرێت.